# فرۆنتپەیج بە کوردی

| نووسەر : ئاسۆ نادری | بڵاوکردنەوەی ماڵپەڕەکەت لەسەر ئینتەرنێت. | 2004-07-28 |
|---|---|---|

لەوانەکەنای پێشووی پرۆگرامی Microsoft Frontpage دا ڕوونم کردۆتەوە کە چۆن دەتوانین پەڕەکانمان دروستبکەین، لەم وانەیەدا شیدەکەمەوە کە چۆن بتوانین ناوێک بۆ ماڵپەڕەکەمان بە شێوەیەکی خۆڕایی تۆماربکەین و پەڕەکانمان بنێرینە سەر ئینتەرنێت بۆ ئەوەی خەڵکانی دیکە بیبینن.

خانەخوێ زۆرن بۆ ئەوەی شوێنی خۆڕاییمان پێبدەن بۆ ماڵپەڕەکەمان، بەڵام من Geocities م لەهەموویان پێ باشترە، ئەم تایبەتمەندیانەی هەیە:

شوێن بۆ ماڵپەڕ : 15 میگابایت.

پەڕگە گواستنەوە: 3 گیگابایت / مانگانە.

ئامراز بۆ چێکردنی ماڵپەڕ، و پەڕەی ئامادە بۆ بەکاربردنی لەماڵپەڕەکەتدا.

ئێرە کرتە بکە بۆ ڕۆیشتن بۆ پەڕەی سەرەکی Geocities.com.

ئێرە کرتە بکە بۆ بەستەری ناو تۆمارکردن.

ئەگەر بەستەری سەرەوە نەکرایەوە، دەتوانی بەم هەنگاوانە خۆت بگەیەنیتە پەڕەی ناو تۆمارکرد،




وەک لەوێنەی سەرەوە ڕوونە، کرتە بکە سەر Free لە نێو پەڕەی سەرەکیدا،




لە پەڕەی داهاتوودا کرتە بکە سەر Sign Up،




جارێکی دیکە کرتە بکە سەر Sign Up Now،

بەو شێوە دەگەیتە فۆرمی ناو تۆمارکردن،

1» نازناوێک بۆ یاهوو. ئەم ناوە دەبێتە ناوی ماڵپەڕەکەت و پاشان ناوونیشانی ماڵپەڕەکەت بەم شێوە دەبێت،
www.geocities.com/your-Yahoo!-ID

2» وشەی تێپەڕبوون بنووسە،

3» لێرەش جارێکی دیکە بینووسەوە.

4» لێرەدا دەتوانی ئەو خاڵەش چالاک بکەی بۆ ئەوەی ئیمەیلێکی خۆڕایی بکەیتەوە لە هەمان کاتدا، نازناوەکەی سەرەوە دەبێتە ئیمەیلەکەت.

5» پرسیاری ئەمنیەتی، لێرەدا پرسیارێک هەڵبژێرە، پاشان لە خانەی ژمارە 6 دا وەڵامێکی بۆ بنووسە، کاتێک کە ناو یان وشەی تێپەڕبوونی ماڵپەڕەکەت لەبیرچێت، ئەو پرسیارەت لێدەپرسێت و تۆش دەبێ ئەو وەڵامەی بۆ بنووسی کە لێرەدا دەینووسی، دەبێ هیچ کەسێکی دیکە ئەو وەڵامە نەزانێ.

7» ڕێکەوتی لە دایکبوون، ساڵ/ مانگ / ڕۆژ.

8» ئیمەیلێک بنووسە، گرنگە، ئیمەیلێک بنووسە کە ڕاست بێت، چونکە زانیاری لەسەر ماڵپەڕەکەت دەنێردرێت بۆ ئەو ئیمەیلە.

9» ناوی یەکەم / شۆرەت.

10» زمانی بەکاربردن بۆ چێکردنی ماڵپەڕ. ئەوەیان هەڵبژێرە کە باتر لێیدەزانی.

11» بۆ Zip Code بنووسە 12345 ، پاشان Male هەڵبژێرە ئەگەر کوڕی، Female یش ئەگەر کچی.

12» بواری ئیش، گرنگ نییە هەرچی بێت.

13» هەرچی بێت، گرنگ نییە.

14» هەرچی بێت گرنگ نییە.

ئەگەر دەتەوێ لە هەواڵ و خزمەتگوزاری ئاگادار بکرێیتەوە، دەتوانی ئەو خاڵە 15 چالاک بکەیت و پاشان لە بوارەکانی خوارەوەی هەڵبژێری.

16» دەبێ ئەو نووسینە بنووسی کە لەسەر وێنەی خوارەوەی خانەکە دەیبینی. paw.

17» پاشان کرتە بکە سەر Submit This Form.

بۆ پەڕەی دووەم

چاپکردن

http://fp.all4kurds.net فرۆنتپەیج بە کوردی